# خۆشەویستی

نەزەند بەگیخانی



دوو تەنهایی پیاسە دەکەن
دوو تەنهایی تەماشای یەکتری دەکەن
دوو تەنهایی بەدەم یەکتری پێدەکەنن
دوو تەنهایی پێکەوە دادەنیشن
دوو تەنهایی قسە دەکەن
دوو تەنهایی دەستی یەک دەگرن
دوو تەنهایی یەکتری لەباوەش دەگرن
دوو تەنهایی تێکەڵ بەیەکتری دەبن
دوو تەنهایی دەبن بە یەک
دەبن بە خۆشەویستی

فەڕەنسا، ئۆگوستی 2007